Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19625

# ململانێی جۆرەکانی بوون لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجیی ناوەڕاست (2005 – 2013)

**ابراهیم عبدالرحمن محمود[1] ، ئاري عوسمان ڕۆستەم[2]**

1 کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان- خانەقین، زانکۆی گەرمیان

2 بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised:February,2019

Accepted: February ,2019

***Keywords***

ڕۆمانی کوردی، کرمانجیی ناوەراست، فەلسەفەی بوونگەرایي

***Corresponding Author***

dr.ibrahimjaaf@gmail.com

**پێشەکی**

لەم توێژینەوەیەدا باس لە ململانێی جۆرەکانی بوون دەکەین، ئەمەش لە ڕوانگەی تێگەیشتنی فەلسەفەی بوونگەراییەوە، بەوپێیەی کە فەلسەفەیەکی هاوچەرخە و گرنگیی تەواو بە بوونی مرۆیی دەدات و دەیکات بە چەقی هەموو پرسەکانی ژیان و جیهان.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە ئەم توێژینەوەیە کورتکراوەی بەشێکە لە ماستەرنامەی (ئاری عوسمان ڕۆستەم)، بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی بوونگەرایی لە ڕۆمانی کوردی/ کرمانجیی ناوەڕاست 2003-2013)، کە لەلایەن (پ.ی.د.ابراهیم عبدالرحمن محمود)، لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش/ زانکۆی گەرمیان، لە ساڵی (2016- 2017) سەرپەرشتی کراوە.

گرنگیی و هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە: گرنگیی ئەم ناونیشانە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بابەتێکی نوێیە و پێشتر لە چوارچێوەی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردیدا لەبارەیەوە نەنووسراوە، هاوکات لایەنێکی فەلسەفی لە ناوەڕۆکی ڕۆمانی کوردیدا شی دەکاتەوە، هەر ئەم دوو خاڵەش هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە بوون.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکان پشت بە میتۆدی (هێرمنیۆتیکی بوونگەرایی) بەستراوە.

سنووری توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا ئەو ڕۆمانانە وەرگیراون، کە کەوتوونەتە نێوان ساڵانی (2005 - 2013)، بەوپێیەی ئەو ماوەیە، قۆناغێکی زێڕینە لە مێژووی ڕۆمانی کوردیدا، هەروەها لە شیکردنەوەی نموونەکاندا ڕوانگەی فەلسەفییانەی هەریەك لە (مارتین هایدیگەر) و (ژان پۆل سارتەر) وەرگیراون.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: بەدەر لەم پێشەکییە، توێژینەوەکە دوو بەشی سەرەکیی لەخۆدەگرێت. لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی تیۆریی و لەڕوانگەی دیدی دوو فەیلەسووفی بوونگەراوە (هایدیگەر و سارتەر) باس لە جۆرەکانی بوون کراوە. لە بەشی دووەمیشدا ململانێ بەرجەستەبووەکانی جۆرەکانی بوون لە نموونەی ڕۆمانەکاندا پراکتیزە کراوە. لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەو پووختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### شیکردنەوەیەکی تیۆریی چەمکەکان

### تەوەری یەکەم/ جۆرەکانی بوون لەڕوانگەی هایدیگەرەوە

لە دیدی فەلسەفیی هایدیگەردا، بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر لە بوون دەستنیشان کراون، ئەوانیش بریتین لە بوونی ڕەسەن و بوونی ناڕەسەن یان ساختە، کە هەریەك لەمانەش خاوەنی تایبەتمەندیی و جیاوکی خۆیانن.

یەکەم/ بوونی ڕەسەن: ئەمە ئەو جۆرەی بوونە، کە خاوەن ئازادیی و بڕیار و هەڵبژاردنەکانی خۆیەتی، واتە بەوپەڕی ئازادییەوە بڕیار لەسەر پرۆژەکانی داهاتووی ژیانی خۆی دەدات و بەرپرسیارێتی بڕیارەکانیشی لە ئەستۆدەگرێت. بوونی ڕەسەن ڕێگە بە ئەوانیتر نادات دەست وەربدەنە ناو کاروباری تایبەتی ژیانییەوە تا لەبری خۆی بڕیاری بۆ بدەن، بەڵکوو "بە ناسینەوەی تایبەتمەندێتیی خۆی، وەکوو تاکێك و جیاوازییەکانی لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا بوونی خۆی دەسەلمێنێت و مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا دەکات. تاکێکە سەربەستە و کەسانی دیکەش، بەم جۆرە، وەکوو خۆی، دەبینێت. باوەڕی بە تایبەتمەندێتی و جیاوازییەکانی تاکەکانی دیکەش هەیە. لەم ئاستەوە سەربەستانە و سەربەخۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دادەمەزرێنێت."(محەمەد کەمال، 2007، ل86) بوونی ڕەسەن بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێت و ڕەسەنێتیی خۆی لە ئەنجامی نیگەرانییە ئۆنتۆلۆجییەکەیەوە بەدەست دەهێنێت، بەمەش بوونێکە خاوەن بنەما و بنەڕەتی خۆیەتی، بۆیە "خود لەگەڵ ئەم بوونەدا هەست دەکات لەسەر پێی خۆی وەستاوە و بەرپرسە لە خۆی و هیچ شتێك لەنێوان خۆی و ئازادییەکانیدا نییە."(أ.م.بوشنسکی، 1992، ص156) بەم شێوەیە بوونی ڕەسەن بنەمای بوونی خۆی لەدەستنەداوە، بەڵکوو "بەپێچەوانەی بوونی ناڕەسەنەوە، خۆبوون و جەختکردنە لەسەر جیاوازیی و تایبەتمەندێتی هەریەکێك لە تاکەکان، بوونێکە کەسانی دیکە داگیریان نەکردووە و نەخلیسکاوەتە نێو زەلکاوی نەریتەبازارییە باوەکەوە."(محەمەد کەمال، 2007، ل85)

لەم ڕوانگەشەوە ئازادیی لای بوونی ڕەسەن گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بوونی خۆی بە ئازادییەوە وابەستە کردووە، ئەوی ڕەسەن لەڕوانگەی ئازادیی خۆیەوە، جیهانی خۆی دادەمەزرێنێت و لەگەڵ ئەوانیتردا هەڵدەکات، هەر لە دەلاقەی ئازادییشەوە بیرکردنەوە و هەست و کردارەکانی ئەم بوونە، لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی ئامانجداردا دەردەکەوێت، بۆیە "لە ڕابردووی خۆی و ئێستای پەشیمان نییە، بەردەوام ئاراستەی بۆ دوارۆژە، کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ، ئەمەش وەك پێداویستییەکی ژیانی چالاکانەی خۆی دەبینێت."(کۆمەڵێك نووسەر، 2015، ل106)

دووەم/ بوونی ناڕەسەن: بوونی ناڕەسەن پێچەوانەی بوونی ڕەسەنە و هیچ خەسڵەتێکی ڕەسەنێتی لە بوونیدا نەماوە ئاماژەی پێ بدرێت، واتە "بوونێکە خۆونکەری نێو ژیانی ڕۆژانەو خاوەن خۆی نییە. بوونێکە وەکوو ئەوان بیر لە ڕاستی دەکاتەوەو شوێن بۆچوونەکانی ئەوان دەکەوێت."(محەمەد کەمال، بێ ساڵی چاپ، ل108) بوونی ناڕەسەن بە هەموو شێوەیەك ئازادیی خۆی لەدەستداوە، بۆیە هەست بە ڕاستەقینەیی خۆی ناکات و هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە ئەوانیتر بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بدەن، چونکە بەرگەی بەرپرسیارێتییەکانی ژیان ناگرێت و بەردەوام خۆی لە هەڵوێستەکان دەدزێتەوەو توانای بڕیاردانی نییە. ئەم دۆخەیش لە ئەنجامی ئەو ژیانە درۆزنانەیەوە سەرهەڵدەدات، کە لەگەڵ ئەوانیتردا پەیڕەوی دەکات، چونکە "بوون لە بەشداریکردنی هەنووکەییدا خۆی لەنێو چۆنێتیی بوونی ئەواندا دەتوێنێتەوە، توانەوەیەکی تەواوەتی، بەشێوەیەك ئیدی ئەوانیتر شەقڵە تایبەتییەکانی خۆیان لەدەست دەدەن، خەڵکی مومارەسەی دیکتاتۆرییەتێکی ڕاستەقینە دەکەن، ئەوان داوای جۆرێك لە جۆرەکانی پاکتاوکردنی ئاستەکان دەکەن و خوازیاری مانەوەن لە ئاستێکی مامناوەندیدا، ئەمەش ئەو دۆخەیە، کە بە (ژیانی کراوەی گشتی) ناوی دەبەین."(ريجيس جوليفيه، 1988، ص74) واتە ژیانێکی ئاسایی، کە ئەوانیتر دەتوانن بەوشێوەی دەیانەوێت بیخەنە خزمەتی مەبەستە کۆگەلییەکانی خۆیانەوە بە جۆرێك ئیدی ژیانی ڕۆژانەی دازاین دەبێتە مەیدانی دەسەڵاتدارێتی ئەوانیترو بە هەموو شێوەیەك داوای پابەندبوونی کوێرانەی لێ دەکەن و پێوانەکانی خۆیانی بەسەردا دەسەپێنن، بەمەش دۆخی

ناڕەسەنێتییەکە، تەنانەت سەردەکێشێت بۆ ناڕەسەنبوونی زەمانیش، واتە بەکارهێنانی زەمان لە ئاستی خۆیدا نامێنێتەوە، بەڵکوو کۆمەڵێك ئەرکی تر جێبەجێ دەکات، کە پەیوەندییە مرۆییەکان بەرەو ئاڵۆزیی ولاوازیی دەبات.

## تەوەری دووەم/ جۆرەکانی بوون لەڕوانگەی سارتەرەوە

دیدی فەلسەفیی سارتەر لەچاو دیدی فەلسەفیی هایدیگەردا کراوەترە، هەربۆیە جۆرەکانی بوون لای سارتەر لەسەر بنەمای پەیوەندیی جیابوونەوە و بە یەکگەیشتنە لەیەك کاتدا. لەم ڕوانگەوە هەرسێ جۆرە سەرەکییەکەی بوون لای سارتەر دەخەینە ڕوو، کە ئەوانیش بریتین لە: (بوون- لەنێو- خۆ) و (بوون- بۆ- خۆ) و (بوون- بۆ- ئەوانیتر).

یەکەم/ بوون- لەنێو- خۆ: ئەمە ئەو جۆرەی بوونە، کە ئاگامەندیی نییە، واتە "بوونێکی بابەتییە، هەیە و لە گۆڕێندایە. دەکرێت ببینرێت یان دەستی لێبدرێت، ببیسترێت یان بۆن بکرێت یاخود تام بکرێت. بەکورتی دەکرێ بە هۆی هەستەکانەوە درك بکرێت."(مجاهد عبدالمنعم مجاهد، دون سنه الطبع، ص63) ئەم جۆرەی بوون جیهانی شتەکان دەگرێتەوە، زۆرجاریش ئەگەر بوون- بۆ- خۆ بوونی ڕەسەنی خۆی لەدەست بدات بەرەو ناوچەی ئەم جۆرە بوونە دەچێت. سارتەر لە (بوون و نەبوون)دا بەوردیی ئەمەی شرۆڤە کردووە، هەروەك لە ڕۆمانی (هێڵنج)یشدا بە زمانێکی ئەدەبی بەرکەڵکی خستووە، ئەمەشی لەڕێگەی بەرجەستەکردنی کارەکتەری (ڕۆکانتەن)ەوە بەرجەستە کردووە.(دەرڕوانرێتە: جان بول سارتر، 2004، ص124)

نەبوونی ئاگامەندیی بە لای بوون- لەنێو- خۆوە وای لێکردووە توانای درککردنی خۆی نەبێت، هەروەك هیچ جۆرە ناوەڕۆکێکیشی نییە، تا خۆی پێ پڕبکاتەوە، چونکە ئەم جۆرە بوونە هەر لەبنەمادا بوونێکی پڕو تەواوە، "بوون- لەنێو- خۆ بە نیسبەت خۆیەوە بوونێکی نەبزێوە، چونکە پڕە لە خۆی، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکێکی هەبێت، بتوانێت بەرابەر بێت بە دەرەوەی خۆی، لە وێنەی هەستکردن یان داوەریکردن یان یاسا. ئەم بوونە هیچ نهێنییەکی تێدا نییە، بەسەر خۆیدا داخراوە و ناتوانێت خۆی بەدیبهێنێت، دڵنیاییەکە ناتوانرێت لێی دڵنیابیت، چالاکییەکە ناتوانێت کردە بنوێنێت."(ڕیجیس جولیفیە، 1988، ص124) بۆیە بەپێچەوانەی بوون- بۆ- خۆوە توانای پێناسە بۆ دانانی هەیە، واتە دەتوانرێت پێناسە بکرێت، بەوپێیەی هەر لەبنەڕەتەوە "یاسای ناسنامەی خۆیەتی بەسەردا ساخ دەبێتەوە، چونکە چارەنووسێکی نەبڕاوەی هەیە."(ژان پۆل سارتەر، 2011، ل106)

دووەم/ بوون- بۆ- خۆ: سارتەر بە سوودوەرگرتن لە چەمکی دازاینی هایدیگەری، باس لە بوونی مرۆڤ دەکات و بە زاراوەی (ئاگامەندیی) و ئەنجایش (بوون- بۆ- خۆ)ی ناودەبات. مەبەست لەم جۆرەی بوون مرۆڤە، کە خاوەنی ئاگامەندیی بەخۆیەتی، بۆیە بوونی ئاگامەند بە خۆی جیاوازە لە بوونی شتەکانی تری ناو جیهان. لەم ڕوانگەوە ڕایدەگەیەنێت: ماهییەتی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی پاش بوون دەکەوێت.(دەرڕوانرێتە: ژان پۆا سارتەر، 2011، ل475)

بە مانایەکی تر سارتەر دەیەوێت بڵێت: "مرۆڤەکان پێش ئەوەی هەڵەکار یان مەسیحییەکی باوەڕدار، ترسنۆك یان زیرەك، پارێزگار یان سۆسیالیست بن، بوونیان هەیە..."(فیلیب تادی، 1379، ص32) و دواتر لە ژیاندا هەڵوێستی تایبەت بە خۆیان هەڵدەبژێرن و خۆیان دەکەن بەوەی کە دەبێت هەبێت. ئەمەش وا دەکات بوونی مرۆیی یان بوون- بۆ- خۆ ببێتە دەرکەوتەیەکی نەناسراو و پێناسەنەکراو، "چونکە ناوەڕۆکی نییە و لە گۆڕاندایە. پێناسەکردنی ئاماژەکردنە بۆ خەسڵەتێکی نەگۆڕ، یان ناوەڕۆکێکی چەسپاو، کە لە بوون- بۆ- خۆدا نییە و نابێت. ئەوەی ڕێگە دەدات بۆ پێناسەکردنی بوون- بۆ- خۆ، ڕەتدانەوەی بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەیەتی و گۆڕینێتی بۆ بوون- لەناو- خۆ."(محەمەد کەمال، 2005، ل63) بوون- بۆ- خۆ پەیوەندیی بە نەبوونیشەوە هەیە، واتە "بوون- بۆ- خۆ ئەو بوونەیە، کە نییە و ئەو شتەش نییە، کە هەیە."(ژان پۆل سارتەر، 2011، ل33) مەبەست لەمەش ئەوەیە، بوونێکە هێشتا چەندین پرۆژەی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی بەدییانهێنێت وتەواویان بکات.

سێیەم/ بوون- بۆ- ئەوانیتر: سارتەر بە گەڕانەوە بۆ (بوون- لەنێو- جیهان)ی هایدیگەر ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە بوونی مرۆیی لەنێو جیهاندایە و لێی دانەبڕاوە، لەنێو جیهانبوونیش وای لێدەکات، لە وێنەی بوونێکی کۆمەڵایەتیدا دەربکەوێت، "بەوەدا مرۆڤ تەنیا نییە لەسەر ئەم ئەستێرەیە، ناتوانێت هەرگیز لە پەیوەندییەکی ڕۆحی گەورەدا نەبێت لەگەڵ ئەوانیتردا."(بەختیار عەلی، 2015، ل281)

مرۆڤ دەبێت لە جیهاندا و لەگەڵ ئەوانیتردا بێت، چونکە بوونی ئەوانیتر بۆ بوونی من پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە و پێویستە بۆ ئەوەی بتوانم لەو ڕێگەوە بوونی خۆم بخەمەبەر ئەزموون و بەدیبهێنم. بوونی ئەوانیتر لەبەرانبەر بوونی مندا جێگەی گومان نییە، بەڵکوو "ئەزموونکردن ئەوەی سەلماندووە، پەیوەندیی نێوان من و ئەویتر، کە خۆی لەبەرانبەرمدا دەنوێنێ، هەیە و پێویستیشە."(فریدریك لوبیز، 2009، ص87) کەواتە بوونی مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا پێویستییەکی بنەڕەتییە و لەو نێوەندەدا بوونی دەردەکەوێت و هەست بەو دۆخە دەکات، کە تێیدا دەژی، بەمەش "مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا یان ڕەسەنە یان ناڕەسەن، لەیەك کاتدا نابێت هەردووکیان بێت، یان هیچیان بێت. مرۆڤ یان بە ڕەسەنی یان بە ناڕەسەنی دەکەوێتە زۆران و ململانێ. ژیان بە ڕەسەنی مسۆگەریی ئەوەی تیادا نییە، کە مرۆڤ جارێکی دیکە دووچاری ناڕەسەنی نەبێت."(محەمەد کەمال، 2005، ل71)

هەروەها پێچەوانەکەشی ڕاستە و شیانی ڕوودانی هەیە، واتە بۆی هەیە پێویستیی بوونی ئەوانیتر، ببێتە مایەی ئاریشە. لەم بارەیەوە سارتەر لە شانۆنامەی (دەرگا داخراوەکان)دا شێوە تاقیگەیەك دادەمەزرێنێت بۆ خستنەڕووی پەیوەندیی بوون- بۆ- خۆ لەگەڵ ئەوانیتردا، ئەمەش پاش ئەوەی (گارسان)ی کاراکتەر تووشی جۆرێك لە نامۆیی دەبێت، بەوەی دەکەوێتە ژێر سێبەر و هەژموونی ئەوانیترەوە و بوونی خۆی لەدەست دەدات و هەست بەوە دەکات بوونی بۆ ئەوانیتر وەك بابەتی لێهاتووە، بۆیە دەڵێت: "دۆزەخ ئەوانیترە."(ژان پۆل سارتەر، 2015، ل115)

## بەشی دووەم

### بەرجەستەبوونی ململانێی جۆرەکانی بوون لە نموونەی ڕۆمانەکاندا

چەمکی ململانێی جۆرەکانی بوون لەوکاتەوە سەرهەڵدەدات، کە بوونی مرۆیی دەچێتە نێو کۆمەڵگەوە، واتە لە ئاستی بوون- بۆ- خۆوە دەچێتە ئاستی بوون- بۆ- ئەوانیتر یان لەگەڵ ئەوانیتر، بەمەش ململانێی بەرجەستە دەبێت. مرۆڤ دەستکراوەیە لەهەمبەر چۆنێتی بەسەربردنی ژیانی خۆی، بەوەی وەك بوونێکی ڕەسەن یان ناڕەسەن بژی، واتە لەبنەمادا مرۆڤ سیفەتی ڕەسەنێتی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام پاش ئەوەی لەگەڵ دەوروبەردا تێکەڵ دەبێت و بوون- لەگەڵ- ئەوانیتر ئەزموون دەکات، ئیدی لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەکەوێتەوەو هەر لێرەشەوە ئەگەری لەدەستدانی بوونە ڕەسەنەکەی دەبێتە دیاردەیەکی حەتمی و دەرئەنجام وەك کەسێکی ناڕەسەن و ساختە ژیان دەگوزەرێنێت، بەڵام دەشتوانێت هەر ساتێك بیەوێت، هەوڵ بۆ بەدەستهێنانەوەی ڕەسەنێتی خۆی بدات، ئەم دۆخەی ژیانی واقیعی مرۆڤ لە ڕۆمانی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەك چۆن لە ژیانی ئاساییدا مرۆڤەکان بەجۆرێك لە جۆرەکانی بوون دەناسرێنەوە، بەهەمان شێوە ڕۆماننووسانیش بە مامەڵەیەکی هونەریانە کارەکتەرەکانی خۆیان لە فۆرمی هەردوو جۆرەکەی بووندا بەرجەستە کردووە.

#### یەکەم/ ململانێی بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن:

ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ڕۆمانێکی پۆلیفۆنییە، چەندین کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی لە ڕێڕەوەی ڕووداوەکانیدا بەشدارن و لەڕووی جۆرەکانی بوونەوە بەسەر ڕەسەن و ناڕەسەندا دابەش دەبن و ڕۆماننوس توانیویەتی سەرکەوتووانە زەمینەی ململانێی نێوان ئەم جۆرانەی بوون سازبکات، بەوەی هەندێ لەو کارەکتەرانەی خاوەن بوونی ڕەسەنن لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، بەرەو ناوچەی ناڕەسەنێتی بوون دەڕۆن، بەڵام جارێکی تر ڕەسەنێتی خۆیان بەدەست دەهێننەوە، نموونەی (جەلادەتی کۆتر) کاتێك دووچاری (درۆلەگەڵ خۆکردن)* دەبێتەوە، کە دۆخێکە تێیدا مرۆڤ دەیەوێت بە هەموو شێوەیەك

ڕابردووی خۆی لەیادبکات و نکۆڵی لێبکات. جەلادەت پاش ئەوەی لە ڕووداوی مەرگێکی حەتمیی ڕزگاری دەبێت و لەلایەن (دالیا سیراجەدین)هوە هاوکاری دەکرێت و لە تیاترخانەی (پرتەقاڵی سپی) جێگەی بۆ دەکاتەوە و وەك کوڕی پووری خۆی بە کچ و ژنە سۆزانییەکانی دەناسێنێت، ئیدی دەکەوێتە دۆخێکەوە پێویست دەکات هەموو شتێك لە بیر خۆی بەرێتەوە: "لە شارێکدا لەمسەر بۆ ئەوسەری تیاتر و هۆڵی سەما و ژنانی قەحبە بوو، دەمتوانی چی بکەم؟ ئەو ماوەیە چەندین جار بۆ ئیسحاق لێوزێرین و سەرهەنگ قاسم گریابووم، بەڵام ئێستا دەمویست هێدی هێدی هەموو ڕابوردوو لە بیر خۆم بەرمەوە."(بەختیار عەلی، 2005، ل131 - 132)

ئەو ڕۆڵەی کە دەبێ جەلادەت لەو قۆناغەی ژیانیدا بیگێڕێت بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ واقیعییەتی ڕاستەقینەی ژیانی ئەودا گونجاو نییە، بەتایبەت کاتێك کار دەگاتە ئەوەی مۆسیقا لەیادی خۆی بەرێتەوە: "من لەو ڕۆژەوە دۆزەخێکی گەورە ژیام، سەفەرێکی ترسناکم دەست پێکرد، سەفەری بیرچوونەوەی مۆسیقا، دەبایە هەموو ئەو مۆسیقایەم بیربچێتەوە، کە فێری ببووم، بۆ ئەوەی بژیم دەبایە هەرچییەك ئیسحاق لێوزێرین فێری کردووم لە یادبیکەم."(بەختیار عەلی، 2005، ل138)

بۆ ئەمەش مامۆستایەکی تایبەتی بۆ دەدۆزنەوە، تا وانەکانی بیرچوونەوەی مۆسیقای دابدات. لێرەدا چەمکی (لەبیرچوونەوە) یان (لەبیربردنەوە)ی مۆسیقا دەبێتە ئەو میتافۆرە، کە وەك ئاماژەیەك بۆ وێناکردنی دۆخی لەدەستدانی دیوی ڕاستەقینەو کەوتنی بوونی ڕەسەنی جەلادەت بەکارهێنراوە. واتە پاش ئەوەی مۆسیقای بیردەچێتەوە، ئیدی ئەو زمانە بەرزەیش لەدەست دەدات، کە پێشتر لەگەڵ کارەکتەرەکاندا پێی دەدوا و لەبری ئەوە دەبێتە خاوەن زمانێکی نزم و لەکارکەوتوو بۆ ئەو ژیانەی کە لە شاری سۆزانییە غەمگینەکاندا ئاوێتەی دەبێت: "لە ماوەیەکی کورتدا بووم بە مرۆڤێکی تر، کە بە دەگمەن ڕووخساری ڕاستەقینەی جەلادەتی کۆتری تیابوو، بە ئەستەم سێبەری ئەو مرۆڤەت تیا دەبینییەوە، کە حەزی لە مۆسیقا و بڵندگەرایی و فڕین و یاریکردن بوو لەگەڵ جاویددا، زۆرشی ویست تا دووبارە ئەو مرۆڤە ڕاستەقینەیەی ناو ناخی خۆم دۆزیبەوە."(بەختیار عەلی، 2005، ل145) هەڵبەتە ئەم ململانێیە لەکۆتاییدا دەگاتە ئەوەی جارێکی تر جەلادەتی کارەکتەر ڕەسەنێتی بوونی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی بە سەفەرێکی دوورودرێژی پڕ لە ئازار و مەینەتیدا گوزەردەکات.

هەندێکی تر لە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە خاوەنی بوونی ناڕەسەنن، بەڵام لە دواتردا دەگۆڕێن بۆ بوونی ڕەسەن، وەك لای مۆسیقارەکانی (بەلەمی بەفر) سەرنج دەدرێت. هەریەك لە مۆسیقارەکانی بەلەمی بەفر لە چۆنێتی بەدەستهێنانەوەی ڕەسەنێتیدا چیرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام هەموویان لەوەدا چوونیەکن، کە لە ساتێك لە ساتەکانی ژیاندا لەو ڕاستییە تێدەگەن، کە ئەو مۆسیقایەی ئەوان دوای کەوتوون، هونەری ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو ئەوە ئیشێکی بێمانایە و جۆرێکە لە خۆکوشتن، چونکە ئەوەی ژیانی خۆیان بۆ تەرخان کردووە هونەرێکە لەپێناو خۆسڕکردن نەك بۆ بەرزێتی، کە ڕۆماننووس لەڕێگەی گوزارەی (ئیشی بێمانا و خۆکوشتن)هوە توانیویەتی وێنای ئەم دۆخی ناڕەسەنێتییەمان بۆ بکات، ئەویش لەسەر زاری (جەلیلی باران)هوە، کە بەو ئەزموونەدا تێپەڕیوە: "من جاران کە مۆسیقام لێدەدا و خەڵکم دەبینی هەڵدەپەڕن زۆر دڵم خۆش بوو، دەمگوت: تەماشا من چۆن جۆش و خرۆشێکم سازکردووە، بەڵام کە لەناکاو تووشی ئەو دەردە دەبیت، دیمەنەکان هەموویان لە پێش چاوت دەگۆڕێن، من لەساتێکدا هەموو ئەو خەڵکەم وەك خێڵێکی مەیمون دەبینی، کە لەسەر دڵی من هەڵدەپەڕن، لەساتێکدا تێدەگەشتم ئەو هەڵپەڕکێیە هیچ نییە جگە لە هونەرێکی نزم، کە هەست و نەستمان سڕدەکات، بۆ ئەوەی نەتوانین شتێکی قووڵتر و جوانتر ببینین. من ئەو ساتە دەمم لە شمشاڵەکە بەردا.... بە خۆمم گوت: جەلیلی باران، لێو لەو ئامێرە بەردە و بەشەرەفەوە بگەڕێوە بۆ ماڵێ، تۆ بە تەمای چیت؟ دەتەوێت بەم مۆسیقا تۆپیوەی خۆت بڵێی مۆسیقا..."(بەختیارعەلی، 2005، 360 - 361)

بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)یشدا لەبنەڕەتەوە لەسەر بنەمای ململانێی جۆرەکانی بوون داڕێژراوە، بۆ ئەمەش هەر لەسەرەتای پرۆسەی گێڕانەوەوە، ڕۆماننووس میتافۆری (شاعیران) و (پادشایان)ی داتاشیوە، کە گوزارشتی پێ لە بوونی ڕەسەن و بوونی ناڕەسەن کردووە و بۆ ئەمەش (بارۆنەکان)ی وەك نوێنەری پادشایان و دەسەڵاتداران و (جەمعییەتی مرۆڤە خەیاڵییەکان)یشی وەك نوێنەری شاعیران و هونەرمەندان وێناکردووە، دواجاریش ململانێی نێوان ئەم دوو دەستەیە لەڕێگەی نیگاری چنراوی سەر خاولییەکی ئەفسووناوییەوە دەگێڕدرێتەوە.

یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکی و بەشدارەکانی ناو ئەم ڕۆمانە (حەسەنی پیزۆی گوڵاو)ە، ئەو بەشێکی گەورەی ژیانی خۆی وەك بوونێکی ناڕەسەن لە (شانەیەکی ئیغتیالاتی شۆڕش)دا بەسەردەبات، بەڵام دواتر کە نهێنییە ناشرینەکانی شۆڕش و حیزبی بۆ دەردەکەوێت، ئیدی لەوە تێدەگات چۆن ژیانێکی ساختەی خۆفریودەرانە ژیاوەو خاوەنی بوونی ڕاستەقینەی خۆی نەبووە، بۆیە بڕیاردەدات واز لە هەموو شتێك بهێنێت و بچێتەوە ماڵی خۆی. لێرەشەوە گەڕانی پیزۆ بەدوای (مرۆڤی تەواو)دا - وەك ڕۆماننووس گوزارشتی لێکردووە- دەست پێدەکات، پاش ماوەیەك لە تێڕامان و تێپەڕبوون بە ئەزموونی گومان و نیگەرانیدا، دەگاتەوە بە بوونە ڕەسەنەکەی خۆی و وەك کەسێکی ئازاد بوونی لەگەڵ ئەوانیتردا ئەزموون دەکات. لێرەشەوە گۆڕانێکی بنەڕەتیی لەژیانیدا چێدەبێت، چونکە لە پیاوکوژێکی ترسناکەوە دەبێتە مرۆڤێکی پاك و ڕاستگۆ و لە نووسینەوەی (کتێبی مەرگ)دا بەشدار دەبێت: "دەبایە ڕێگەیەکی سەخت بگرم تا هەست بە پاکبوونەوە بکەم، کە شەوێك لەبەردەم غەزەلنووس و ماجیدی گوڵ سۆڵاف و تریفە یابەحریدا سوێندم خوارد لە ڕێکخستن و پاراستنی کتیبی گەورەی مەرگدا بەشداریی بکەم. دەمزانی ئەوە تەنیا ڕێگا و تاکە دەرفەتی منە خۆم بە هاوڕێی ڕاستەقینەی ئەوان بزانم."(بەختیار عەلی، 2008، ل212) لێرەدا بەسەر ئەو مەبەستەدا دەکەوین، کە مرۆڤە ڕەسەنەکان کەسانێکی تەنها نین، بەڵکوو ئەوان لەهەرکوێیەکی دونیادا بن، دواجار دەتوانن پێکەوە بژین و ڕووداوەکانی ژیانیش بە ئاراستەی گۆڕاندا بەرن.

هەروەها (مورتەزای شەیتان) یەکێکی ترە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، بەڵام چیرۆکی ئەم جیاوازە لە چیرۆکی حەسەنی پیزۆ، بەوەی لە بوونێکی ڕەسەنەوە دەگۆڕێت بۆ بوونێکی ناڕەسەن. مورتەزا لە سەرەتای ژیانیدا وەك ئەکتەرێکی شانۆیی سەرکەوتوو دەردەکەوێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی کۆمەك بە هاوڕێیەکی دەکات تا ژنەکەی خۆی بکوژێت، شەش ساڵ دەخرێتە زیندانەوە، دوای دەرچوونیشی بە هۆی خزمایەتی لەگەڵ بارۆنی پۆرسەلان، لە یانەی پیاوکوژاندا شوێنی خۆی دەکاتەوە. بەم شێوەیە دەبێتە پیاوی بارۆنەکان و بۆ بەرژەوەندیی ئەوان کاردەکات و تا ئاستی بوون بە بابەتیش خۆی دەخاتە بەردەستیان: "من سندووقی ڕەشی بارۆنەکانم، ئەوان هەرچی شتێکی ڕەشیان هەبێت لە دڵی مندا دەینووسن. کتێبێکم کە دڵی بەستەزمانی خۆم دەکەمەوە تیا بنووسن و دڵی بەستەزمانی خۆم دادەخەم تا کەس هیچ دێڕێکی ئەو کتێبە نەخوێنێتەوە."(بەختیار عەلی، 2008، ل514) لەڕوانگەی پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی بوونەوە، لەسەرەتاوە مورتەزا خاوەنی بوونێکی ڕەسەنە، چونکە ئەو وەك هەر هونەرمەندێکی شانۆیی خەریکی پرۆژەی هونەریی و داهێنانی خۆیەتی، بەوپێیەی بایەخی داهێنان لە دەرخستنی بوونی ڕەسەندا کەمتر نییە لە بایەخی پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی تر (محەمەد کەمال، 2004، ل113)، بەڵام دواتر ئەم کارەکتەرە ڕەسەنێتی خۆی لەدەست دەدات و چیتر ناتوانێت پارێزگاریی لێ بکات و بە هەموو مانایەك و تا کۆتایی خۆی دەدۆڕێنێت.

لە ڕۆمانی (پەناهەندە)دا چیرۆکی ئامادەسازیی بۆ نمایشکردنی شانۆیی (خەج و سیامەند) تەوەری سەرەکی گێڕانەوەی لەخۆگرتووە. کۆی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە دەوری باسی ئەم شانۆگەرییە دەسووڕێتەوە، کە دەستەیەك لە کۆنە هاوڕێیانی شانۆکار دەیانەوێت پرۆژەیەکی تەواونەکراوی نیشتیمان لە ژیانی تاراوگەنشینی ئەوروپا تەواوبکەن. لەم وێناکردنەدا (کوردبوون) وەك کێشەیەکی بوونگەرایی نیشان دەدرێت، کە بەتەواوەتی

خاوەندارێتی لە گرێیەکی هەمیشەیی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە دەکات، ئەویش گرێی ڕۆژهەڵاتیبوونە: "ئێمە لە تووتکەسەگیش کەمترین لەم ئەوروپایە..."(ئەحمەدی مەلا، 2006، ل162)

لێرەدا ئەم کەسانەی نیشتەجێی ئەوروپان، بە هۆی ئەوەی توانای تێکەڵبوونیان بە ژیانی تازەیانەوە نییە و ناتوانن لەگەڵ بارودۆخەکەدا هەڵبکەن، بۆیە لە ئاکامدا دووچاری ژیانێکی نارەسەن و نامۆ دەبن و جۆرێك لە خۆفربودان دەگرنەبەر، هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "نیشتمان بنچینە و پێشمەرجێکە، بوونێکی ڕاستەقینەی مرۆیی بەبێ ئەو ناتوانێت ببێت. ئامادەبوونی مرۆڤ لە جیهان، پێشمەرجێکی پێویست و ڕادیکاڵیانەیە. بوونی ئەو لە نیشتمان بنەڕەتی ڕەسەنبوونێتی."(ئومێد حەمەعەلی، 2015، ل236)

لەم ڕوانگەوە ئەوان کەوتوونەتە نێو چوارچێوەی نارەسەنێتییەکی ئەوتۆوە، کە هیچ کەسێکیان لە قووڵایی نهانی خۆیدا لە خەمی ئەو کارەدا نییە، بۆیە نە لە نیشتیمان بۆیان تەواوکرا و نە لە تاراوگەیش بۆیان تەواودەکرێت، چونکە گرێی کوردبوون و ڕۆژهەڵاتیبوون تاساندوونی: "ئەم ئیستیعرازە خاویی ڕۆژهەڵاتی هەیە. کەس بە تەنگی هیچەوە نایەت." (ئەحمەدی مەلا، 2006، 39) لەکاتێکدا ئەو کارو نیازەی ئەمان لەوێدا بۆی کۆبوونەتەوە زەمەنێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و ئەو هەموو گۆڕانکارییە لەدنیادا ڕوویانداوە، کە پێویستی بە بیری تازە و تێڕوانینی نوێ هەیە، کەچی دەرهێنەرەکە بە ئەکتەرەکان دەڵێت: "دەقەکە دەستکاریی نەکراوە. ئەوەی دەستکاریی دەکرێ تەنها شێوەی خوێندنەوەیە. وابزانم هەمووتان لەگەڵم دان." (ئەحمەدی مەلا، 2006، ل161)

دەستکاریی نەکردنی دەق، واتە هێشتنەوەی ژیان لە دۆخی چەقبەستووی خۆیدا بێ هیچ ئەگەرێکی نوێبوونەوە و پێشڤەچوون، هاوکات دەربڕینی گوزارەیەکی وەك (وابزانم هەمووتان لەگەڵمدان) ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو نارەسەنبوونەی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ دووچاری دەبنەوە، کاتێك لە ئەنجامی توانەوە لەنێو بۆتەقەی بوون- لەگەڵ- ئەوانیتر بە هەموو شێوەیەك تاکگەرایی دەخرێتە خزمەتی خودئەوینییەکی دەستەجەمعیی ڕەهاوە، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ ڕاستیی چەمکی دازایندا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە بوونی ڕەسەنی کەسێك لە بوونی لەگەڵ ئەوانیتردا دەردەکەوێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئیتر دەبێت بوونی من هەڵوەشێتەوە، "بوونی کەسێکی دیکە یان دە کەس لە تەنیشتمەوە بوونی تەنیام هەڵناوەشێنێتەوە."(مارتین هایدیگەر، 2013، ل189) و نابێت بوونمان لەگەڵ ئەوانیتردا ببێتە مایەی توانەوە و لەدەستدانی ڕەسەنێتیمان، بەڵام ئەم کۆمەڵە کارەکتەرە لە ململانێی بووندا، بەسەر نارەسەنێتیدا دەچن و لێی دەرباز نابن.

(ڕێبوار) لە (وێنەیەك بەسەر ئاوەوە) کارەکتەری سەرەکی و بگێڕەوەی ڕووداوەکان ڕۆمانەکەیە. ئەو لەسەرەتادا وەك بوونێکی نارەسەن دەردەکەوێت، بەوەی لە خەوی غەفڵەتدایەو گوێ بە دەنگی دایکی نادات، کە بۆ بێداربوونەوە بانگی دەکات: "دە هەستە گەڕۆك، دە هەستە، ئەوە بۆ هەڵناسی. کەچی من لەسەر قەرەوێڵەکەمدا لەژێر بەتانییەکەدا خۆم کرمۆڵە کردووە و گوێی پێنادەم."(سەڵاح عومەر، 2010، ل7) بەڵام دواتر لە ڕوانگەی هەستی بەرپرسیارێتییەوە بەرانبەر بەو بەڵێنەی بە دایکی خۆی دەدات، بۆ گەڕان بەدوای (پرشنگ)ی خوشکیدا، ئەم بوونە نارەسەنەی گۆڕانی بەسەردا دێت و بڕیاردەدات گەڕانەکەی دەست پێبکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەو "بەدوای خودی خۆیدا وێڵ و سەرگەردانە و دەیەوێت خۆی بناسێت و لە چەمکەکانی ئیستێتیك و هونەری شێوەکاری بگات و مەینەتییەکانی بوون شیبکاتەوە و لە هۆکاری تراژیدیاکان بکۆڵێتەوە."(هاشم سەڕاج، 2013، ل24) بەوەی بۆچی دەبێ مرۆڤ خاوەنی وەها ژیانێك بێت، کە لەڕاستیدا هیچی تیابەسەر نییە و ئاکامیش هەر ڕووەو مەرگ و نەمانە. پاش ئەوەی بە بێهوودەیی و بێ هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی، لەو سەفەر و گەڕانەی دەگەڕێتەوە، ئیدی پەنادەباتە بەر هونەر و هەوڵدەدات لەڕێگەی نیگارکێشانەوە پەی بە بوونی تراژیدیی مرۆڤ بەرێت و بەردەوام لەنێو نیگەرانییەکانی بووندا دەتلێتەوە، وەك هایدیگەریش

دەڵێت: "نیگەرانی سەرچاوەی هەموو شتەکانە."(ئەلبێر کامۆ، 2014، ل39)

بەم شێوەیە ئەم نیگەرانییە دەبێتە مایەی ئەوەی هێزی شاراوەی داهێنانی هونەری لەناوەوەی ڕێبواردا بتەقێتەوەو ببێتە بوونێکی داهێنەر: "تەنیا ئەمەم مەبەستە باسی ئەو ئێش و ئازارە بکەم، کە لە ژیانی گەڕیدەییمدا بەسەرم هاتووە، ئەوەی لە سەفەرە درێژخایەنەکەمدا بینیومە، یان هەستم پێیانکردووە، ئەوەی کە چەشتوومە کەم نییە."(سەلاح عومەر، 2010، ل296) ئەم بوونە ڕەسەنە ڕێگە نادات بێئاکامی گەڕان و سەفەرەکانی لە پرۆژەی ژیانی خۆی ساردی بکەنەوە، بەڵکوو ئەو دەزانێت هونەر ڕێگەی داهێنانە و دەتوانێت حەقیقەتە تراژیدییەکە بدۆزێتەوە، واتە هونەر کردەی کەشفکردنی ڕاستییە شاراوەکانە، بەمەش ڕێبوار لەڕێگەی تابلۆکانییەوە و بە بۆیە و هێڵ و تۆنەوە، گوزارشت لە مەینەت و تراژیدیای بوون و ستەم و مەرگەساتی مرۆڤایەتی دەکات و بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە.

لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا (شێرزاد) بەهۆی ترس و خۆفرپودانەوە دووچاری ناڕەسەنبوون دەبێتەوە، ئەو هەر لەسەرەتاوە بوونێکی شەرمێون و ترساوە، ناتوانێت بەرپرسیارێتی ئەو ژیانە بگرێتە ئەستۆ، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، "ئەو شتەی مرۆڤ بەرەو ئەوە دەبات واقیعێك بگرێتەبەر، کە واقیعی خۆی نەبێت، بریتییە لە ترسنۆکی و بەرگەنەگرتنی هەڵگرتنی بەرپرسێتی لەژیانیدا."(عەتا نەهایی، 2007، ل80) شێرزاد هەمیشە خۆی دەخاتە دۆخێکەوە، کە دوورە لەو واقیعییەتەی تێیدا دەژی، ئەو دەیەوێ بگات بە هەڵاڵە، کە ساڵانێك لە دڵی خۆیدا بە نهێنییەوە خۆشیدەوێت، بەڵام پاش ئەوەی لە وڵاتی سوێد پێك دەگەن، ئیدی بێتوانایی و بێبەهرەییەکەی دەردەکەوێت و ململانێی ڕەسەنێتی و ناڕەسەنێتی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە دەست پێدەکات: "شێرزاد پیاوێکی زەعیف و بێبەهرەیە. پیاوێك کە توانای پێشکەوتنی نییە و لە دواکەوتنیش دەترسێت. مەجید بە سەرسوڕمانەوە گوتی: پێشکەوتن لە چی و دواکەوتن لە کێ؟ پێشکەوتن لە ژیان و کاروباری شەخسیی خۆی و دواکەوتن لە من. ئەو دەترسێ لە من دوابکەوێت. ئەو پیاوێکی تەمبەڵ و لاسارە و پێیخۆشە منیش وەك خۆی..." (عەتا نەهایی، 2007، ل15)

ئەم تەمبەڵی و لاسارییەی شێرزاد بە شێوەیەکە هیچ هەوڵێك نادات نەك هەر بۆ بەختەوەری هەڵاڵە، تەنانەت بۆ ژیانی خۆیشی هەوڵنادات و هەر بە چەقبەستوویی لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. ئەگەرچی ئەم ماهییەتەی بوونی شێرزاد ڕووندەبێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەردەیەوێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات و درۆ لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا دەکات و دەیەوێت هەڵاڵەیش بخاتە نێو گەمەی ناڕەسەنێتی خۆیەوە، لەکاتێکدا بە هەموو مانایەك هەڵاڵە کەسێکە خاوەن بوونی ڕەسەن و تایبەت بە خۆی: "هەڵاڵە بە سەنگ و کێشی خۆی دەزانی. بە جێ و ڕێی خۆی لە دەرەوەی ماڵ و لەناو ماڵ و تەنانەت لە لای شێرزادیشی دەزانی.... کچێکی زیرەك و بە توانایە لە ڕادوێ کاردەکا و لە زانکۆ دەخوێنێت. جگە لە کوردی، سویدی و ئینگلیسیش باش دەزانێت. بەڵام شێرزاد حەوت ساڵ بوو هاتبووە سوید و هێشتا سویدی باش نەدەزانی. هێشتا کار و پیشەیەکی شیاوی نەبوو. زۆر شتی تریشی نەبوو..."(گرەوی بەختی هەڵاڵە، 2007، ل45)

لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا پانتاییەکی گەورە بۆ دەرکەوتەی ململانێی جۆرەکانی بوون بەدیدەکرێت. بۆ ئەم مەبەستەیش ڕۆماننووس سێ کارەکتەری بەشداری ناو ڕۆمانەکەی دەکات بە تەوەری سەرەکی لە بەرجەستەکردنی ئەم چەمکە فەلسەفییەدا، کە چۆن کاریگەری ئەویتر بەسەر بوونی مرۆییەوە دەشێ ڕۆڵی ئەرێنی یان بە پێچەوانەوە نەرێنی بگێڕێت. حیکایەتی خۆشەویستیی هەریەك لە (کامەرانی سەلما و مەنسوور ئەسرین و خالید ئاموون) بۆ (سەوسەن فیکرەت گوڵدانچی) ئەو سەرەتایەیە، کە لەڕێگەیەوە لە بوونی ناڕەسەنی ئەو سێ کارەکتەرە ئاگادار دەبین. ناڕەسەنبوونی هەریەك لەوان لەو ڕوانگەوە دێت، کە "کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو فشارە کۆمەڵایەتییەی لە دەوروبەریاندا بوونی هەیە، بۆیە بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی نووسەر، مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نییە و بۆ ئەوە نەخوڵقاوە ئیرادە و بڕیاری تایبەتی خۆی بداتە دەست کەسانی تر، لەبەر ئەمە نابێت مرۆڤەکان لەژێر کاریگەری و دنیابینی کەسانی تر بڕیاری چارەنووسسازی

ژیانی خۆیان بدەن." (ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ، 2013، ل185 - 186)

لەبەرانبەر ئەمانەشدا سەوسەن فیکرەت وەك بوونێکی ڕەسەن و خاوەن بڕیاری خۆی، هەست بەوە دەکات ئەو سێ کوڕە ڕقێکی زۆریان بەرانبەر یەکتر هەیە و ئامادەن بکەونە گیانی یەکتر، بۆیە دەیەوێت لەو دۆخە دەربازیان بکات و بەرەو ناوچەی ڕەسەنێتی بوون هەنگاویان بنێن، بۆ ئەمەش داوایەك وەك مەرج، دەخاتە بەردەمیان: "دەبێت لەم وڵاتە دووربکەونەوە، لەم شەڕوشۆڕ و کوشتارە بەردەوامانە دووربکەونەوە، ئەوەی ئەم وڵاتە جێبهێڵن مەرجی منە، بڕۆن و بەسەر زەویدا بگەڕێن. کچانی تر وەك مارەیی داوای زێڕ و مرواری و ئەڵماس دەکەن، من داوای سەد باڵندەتان لێدەکەم، سەد باڵندەی ناوازە، کە لە شوێنی جیاواز جیاوازی زەویدا دەژین، هەریەکەتان سەد باڵندە، لەمڕۆوە تا هەشت ساڵ کاتتان هەیە بە دونیادا بگەڕێن، من دوای ئەوە دەتانبینمەوە.... کە گەڕانەوە شوو بە یەکێکتان دەکەم، یەکێکتان هەڵدەبژێرم، سەیری دڵتان دەکەم، دەبینم چەند ڕووناکیتان پێیە، چەند بۆنتان پێیە، ئەوکات بڕیاردەدەم. ئێستا ناتوانم هیچ یەکێکتان هەڵبژێرم، چونکە ئێستا هەرسێکتان وەکوو یەك وان، هەرسێکتان لەیەکدەچن، هەموو پیاوی ئەم شارە لە یەکدەچن، وانییە، هەموویان لەیەکدەچن."(کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، 2009، ل101) ئەم مەرج و داوایەی گوڵدانچی، بۆ ئەوەیە تا ئەو سێ کوڕە عاشقە، جیهان ببینن، شارە دوورەکان تاقی بکەنەوە، دەشزانێت ئەمە بەدینایەت، تەنها لەڕێگەی داوایەکی لەو جۆرەوە نەبێت، بەدەر لەوەی سەوسەن وەك خاوەن بوونێکی ڕاستەقینە، ئەوەی پێ ئاسایی نییە خۆشەویستیی پیاوێك قبولأ بکات، کە هیچ لە ژیان نەزانێت و توانای بینین و تێگەیشتنی ئەویتری نەبێت. دەرئەنجامی ئەم حیکایەتی خۆشەویستییە، بە بەدەستهێنانەوەی بوونی ڕەسەنی هەریەك لە (کامەرانی سەلما) و (مەنسوور ئەسرین) کۆتایی دێت. پاش ئەوەی لە سەفەرە دوورودرێژەکەیان دەگەڕێنەوە و مەرجەکەی خانمی گوڵدانچی جێبەجێ دەکەن.

ڕۆماننووس لە وەسفی بەدەستهێنانەوەی بوونی ڕەسەنی (کامەرانی سەلما)دا دەڵێت: "پێدەچوو چیتر ئەو گەنجە سەرەڕۆ و تووڕەیە نەبێت، کە زیاد لە هەشت ساڵ لەوەبەر نیشتیمانی بەجێهێشت، گەلێك جوانتر و دونیادیدەتر و پڕ حیکمەتتر دەینواند، دەنگی وەك جاران تووڕەیی و لەرەی ناکامڵی تێدا نەبوو، وشەکانی پڕ بوون لە دڵنیایی و بڕوابەخۆبوون." (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، 2009، ل186) دڵنیایی و بڕوابەخۆبوون لە دەربڕین و قسەکردندا، ئەو خەسڵەتانەن، کە زمانی بوونی ڕەسەن لە ئاڵۆزیی و فرەوێژیی دەپارێزن، هەر کەسێك خاوەن زمانی بەرز و پاك بێت، لە مەترسیی زمان لەکارکەوتن پارێزراو دەبێت، دیارە ئەم خەسڵەتانەی کامەرانی سەلمایش پاش ئەوە دێت، کە دنیا دەگەڕێت و بەرکەوتنی لەگەڵ ئەویتردا دەبێت، بۆیە نهێنیی بوونی خۆی بەتایبەت و بوون بەگشتی بۆ دەردەکەوێت و لە دنیا باشترێ دەگات و دەوروبەری خۆیشی باشتر دەناسێت. بەهەمان شێوە (مەنسوور ئەسرین) گۆڕانێکی تەواو بەسەر بیر و بۆچوونەکانی پێشوویدا دێت، دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی جیاواز لەوەی پێشووی، ئیدی درك بەوە دەکات، کە بوونێکە لەنێو جیهاندا و دەبێت ئەو لەنێو جیهانبوونەی بکات بە هەوێنێك بۆ ئەزموونێکی قووڵتری ژیان و لە چۆنێتی درککردنی بوون و ناسینەوەی خودی ڕاستەقینەی خۆیدا سوودی لێوەربگرێت، هەروەك دەڵێت: "من لێرەم، ماوەیەکی دەوێت تا بڕوا دەکەم کە لێرەم، من چووبێتم بۆ هەر شوێنێك ماوەیەکی ویستووە تا بڕوام کردووە لەوێم.... چووم بۆ هەر شوێنێك وامزانیوە لە شوێنێکی ترم، من لە هیچ شوێنێك نەبووم، کەواتە لێرەش نیم.... زەوی شوێنێکی سەیرە، مرۆڤ دەتوانێت بیری هەموو کونجێکی بکات، دەتوانێت بیری ئەو شوێنانەش بکات، کە لەوێ نەبووە." (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، 2009، 223) ئەمەش هەستێکی بوونگەرایانەی قووڵە، بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆی کارەکتەرە بە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجیبیانەی (بوون- لەنێو- شوێن)، بەوپێیەی بوونی مرۆیی "لە بنەڕەتدا هەبوویەکی دەرەکی نییە، شوێنێتی ئەوە ناگەیەنێت، کە بە ڕووداو لەنێو شوێن یان جیهاندایە."(مارتین هایدیگەر،

2013، ل169)، بەڵکوو سنوورەکانی شوێن لەبەردەمیدا دەکرێنەوە و بوونی خۆی لەگەڵیدا بەرجەستە دەکات.

**دووەم/ ململانێی بوون و ئەویتری بێگانە**

ئەویتری بێگانە لە ڕۆمانی کوردیدا، لە وێنەی ئەویتری ڕۆژئاواییدا بەرچاو دەکەوێت، کە دەشێ لەهەمبەر بوونی مندا دۆزەخەکەی سارتەر بێت و دەشێ ئەو فریادڕەسەیش بێت، کە بوونی من بگەیەنێتە لووتکە.

لە ڕۆمانی (پەناهەندە)دا ئەم بابەتە ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەوەی ئەویتر دەبێت بەو پنتەی لێیەوە مرۆڤ بوونی خۆی دەناسێتەوە و ئەزموونی ڕەسەنێتی خۆی دەکات: "خۆنەناسین، خۆنەناسینی ئەویدیکەشە، بۆیە ڕۆژئاوا نە ئەمیانە و نە ئەویشیانە. ئەم سەیرکردن و تێڕامانەیش تەنها خەڵکی ئاسایی ناگرێتەوە، هەر زۆر بەپێچەوانەوە ڕۆشنفیکران و موفەکیرەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەگرێتەوە. ئەمەش بەشێکی هەرە گەورەی کارەساتە مەزنەکەمانە. کێ باوکی کێیە؟ ئایا پرسیار وا دەکرێت بۆ ئەوەی وڵامێکی واش بدرێتەوە، کە ڕۆژئاوا بەوە تۆمەتبار بکرێت، کە گرێی ئۆدیبی بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات هەیە و بە هەرچی نرخێك بێت دەیەوێ باوکی خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی هەراش بێت! بەڵام کاتێکیش لە نزیکەوە ورد دەبینەوە و دەبینین هەر ڕۆژهەڵات خۆیەتی نایەوێ هەراش بێت و وڕکنە بەرامبەر بە گەورەبوون! وەکو ئەو ماسییەی کە گازی لە کلکی خۆی گرتبێت."(ئەحمەدی مەلا، 2004، ل45) لێرەدا ڕۆماننووس دەیەوێت ئەو پەیامە بە خوێنەر بگەیەنێت، کە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی پێویستمان بەوەیە ئەویتر - ڕۆژئاوا - بناسین و ژیانی بوون لەگەڵ-ی لەگەڵدا ئەزموون بکەین، بۆ ئەوەی لەو ئاسۆیەوە زیاتر بەسەر بوونی خۆماندا بکرێینەوە و پرۆسەی خۆناسینمان دەست پێبکەین، بەڵام هەمیشە ئەو دەنگە زاڵترە، کە بانگەشە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەویتری ڕۆژئاوایی دەکات بەو بیانووەی گرێی دەروونی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵات هەیە و لە بۆسەی کوشتنیدایە، وەك چۆن دواجار ئۆدیب* دەستی دەچێتە خوێنی باوکی خۆی و دەیکوژێت.

هەر لەم بارەیەوە بەشێکی سەرەکی لە ڕووداوەکانی ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)یش تەرخان کراوە بۆ پرسی ئەویتر و دیسانەوە لەنێوان بوونی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا دەرگای لەسەر وازکراوە، بەڵام جیهانبینییەکە بە شێوەیەکی جیاواز کەوتووەتەوە، بەوەی ڕۆماننووس لێکچوونێکی دروست کردووە لەنێوان کەسایەتی هەریەك لە (محەمەدی حاجی زادە)، کە مەلایەکی خەلعی لیباسکراوی ئێرانیی پەناهەندەی وڵاتی فەرەنسایە و (مسیۆ لوسیانا)ی بە ڕەگەز جوولەکەی پورتوگالی خاوەن هوتێل ئەوروپا لە پاریس، ئەمەش لەو دایەلۆگەی نێوان (فەرهاد)ی بگێڕەوە و (مادام گالاتی) دایکی مسیۆ لوسیانادا دەردەکەوێت، کاتێك لێی دەپرسێت: "ئەو پیاوە ئێرانییە کێیە، کە دەقاودەق بە لووسیانا دەچێ؟" ....سەرپێیانە وەڵامیم دایەوە:

-ئەگەر چاوت بەم محەمەد حاجی زادەیە بکەوێ، مەدام... باوەڕ بکە، واقت وڕدەمێنێ، وا دەزانی لووسیانای کوڕەکەی خۆت دەبینی.

-بە ڕاست؟

هەمان سەر و سیما و ئادگار... تەنانەت قەد و باڵاشیان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نییە. ئێمەی کورد دەڵێین: سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە."(فەرهاد پیرباڵ، 2010، ل71- 72) لێرەدا حاجیزادە نمایندەی بوونی ڕۆژهەڵاتییانە دەکات و لەبەرانبەریشدا مسیۆ لووسیانا نوێنەری بوونی ڕۆژئاواییە، کە هیچ کام لەم دووانەش بەبێ یەکتر ناتوانن بوونی مرۆیی خۆیان تەواوبکەن، بەڵکوو هەمیشە لە پەیوەندییەکی یەکتر تەواوکردندا دەبن و ئەمەش لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕپێکردنی ڕۆڵی مرۆییانەوە بەدیدێت، کە یەك بۆی ئەویدی ڕۆڵی (ئەویتر)ی پێچەوانەی بوونی خۆی دەگێڕێت، بەوەی مرۆڤ لەهەر کوێ بێت دواجار خاوەن بوونێکی ناکامڵە و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو بوونەی خۆی بە هەر ڕێگەیەك بووە پڕبکاتەوە، لەمەشدا ناچارە پەنا بۆ ئەویتر بەرێت. بۆ وێناکردنی ئەمەش ڕۆماننووس، حاجیزادە وەك پەراوێزخراوێکی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ (دونی)دا، کە دیسانەوە پەراوێزخراوێکی ناو واقیعی ژیانی ئەوروپییە، نیشان دەدات. دونی ئەو پیرەمێردە دەوڵەمەندە فەرەنسییەی لەگەڵ حاجیزادەی خاوەن کولتوورێکی ئیسلامی و پارێزگار

ڕێکدەکەوێت، هەرجارێك سەدوپەنجا فرەنکی بداتێ، بەس بۆ ئەوەی چەند خوولەکێك لەگەڵی بێت و سێکسی لەگەڵ بکات، ئەمەش ئەو دۆخەیە، کە تێدا بوونی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی لەنێو پەراوێزکەوتەیی و نامۆیی خۆیاندا لەبەرانبەر یەکدیدا دەتوێنەوە و هەریەك خۆی لە وێنەی ئەویتردا دەبینێتەوە و دەورەکەیان دەگۆڕنەوە، واتە "مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەم سەرزەمین و جیهانەدا چوونیەکن و لەڕووی چارەنووس و پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە لەیەك دەکەن. لەدایکبوون، گەشەکردن، مردن، تەنیا لەڕووی چۆنییەتی و شێوە و شێوازی ژیان و بیرکردنەوەوە جیان."(هاشم سەراج، 2012، ل148) هەر ئەمەش وا دەکات بوونی مرۆیی لەگەڵ ئەویتردا بگاتە ئەو ئاستەی کە تێگەیشتن لە مانای بوون بە مانا ئۆنتۆلۆجییەکەی خۆی دەیخوازێت.

(مەنگوڕی بابەگەورە)یش ئەو کارەکتەرەیە، کە لە (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا لە ڕێگەیەوە پرسی ئەویتر دەوروژێنرێت. پاش ئەوەی دە ساڵ لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندا دەژی، ئەوجا هەست بەو بوونەی خۆی دەکات، کە لە دوو شوێنی جیاوازدا لەگەڵی ژیاوە، بەو مانایەی تا ئەو چرکەساتەی بابەگەورە بە ئەزموون بەرکەوتنی لەگەڵ ئەویتردا نابێت، هەست بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی ناکات: "من نیوەی ئەم سەرزەوییەم تەیکردووە، پێتدەڵێم لە هەموو شوێنێکی دونیادا ئێمە وەك لەشێکی بۆگەن سەیردەکەن، من کە گەیشتمە کەنار دەریا و ژوورێکی بچکۆلانەم پەیداکرد، ئیتر وەستام، سەیرکردنی دەریا تاکە شتێك بوو ئارامیی دەدامێ، چونکە کاتێك ئەم مەنگوڕە بچووك و پیر و ناجۆرە لە ڕۆخی دەریادا شانبەشان لەگەڵ خەڵکانی باڵابەرز و بەقەوامی میللەتانی تردا دەوەستا، هەستی دەکرد هەموو بەرامبەر گەورەیی ئەو ئاوە چەند بچووکن، ئەوە زۆر دڵی مەنگوڕی خۆش دەکرد... ئەوە تەنیا شتێك بوو وەك کوردێك هەست بە یەکسانی بکات لەگەڵا بەشەرەکانی تری ئەم دونیایەدا."(بەختیار عەلی، 2009، ل300)

بەدیوێکی تریشدا ئەمە ئەو هەستەیە (کوردبوون)، کە لە بوونی هەر تاکێکی کورددا ڕەگی داکوتاوە، بۆیە هەمیشە لە کاتی دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتیمانی خۆمان وەك زەبرێکی کوشندە لەنێو بوونمانەوە دێتەدەرێ و سەردەکات، بەتایبەت ئێمە، کە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی داگیرکردندا بووینە، ئەم هەڕەشەیە زۆرجار بە هۆی دۆخی ناوخۆییشەوە ڕەوایەتی بە مانەوەی خۆیداوە.

سێیەم/بوون لەبەردەم نیگای ئەویتردا

لایەنێکی تر لە پەیوەندیی ململانێی تاکەکەس (بوون- بۆ- خۆ) و ئەویتر، دەوەستێتە سەر نیگا و ڕوانینیان لەیەکتر، واتە ئەو نیگایەی هەواڵەی خود دەکرێت ئەودەمەی هەست بەوە دەکات، کە ئەو بینراوە. زۆرجاری تریش ئەم نیگایە دەبێتە دۆزەخێکی تاوسەندوو، چونکە بوونی من وەك مرۆڤ ، لە کاتی بوون- لەگەڵا- ئەوانیتردا دەکەوێتە نێو وێزەی نیگایانەوە، کە هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی بوونی بەرانبەرەکە بکات بە بابەتێك و زیندانێکی لە تێڕوانین بۆ دابمەزرێنێت.(دەڕوانرێتە: فؤاد کامل، دون سنة الطبع، ص36)

لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)دا، نیگاو تەماشاکردن دەبێتە ئەو خەسڵەتەی کە مرۆڤ لە بێمانایی خۆیدا نغرۆ دەکات، هەروەك بگێڕەوە دەڵێت: "مرۆڤ لای من هەمیشە ئەو مەخلوقە بێمانایەیە، کە هەموو ژیانی لە سەیرکردن و تێڕامان لەوانیدیدا بەهەدەر دەدات، هێندەی لەوانیدی دەڕوانێت سەیری خۆی ناکات، گەر سەیری خۆیشی بکات، بۆ ئەوە سەیر دەکات تا ببینێت ئەوانیدی چۆن دەیبینن."(بەختیار عەلی، 2012، ل44) مرۆڤ بەلایەوە گرنگە لەوە تێبگات ئەویتر چۆن لێی دەڕوانێت و بەشێوەیەکی هەمیشەییش لە هەوڵی هێنانەدی ئەوەدایە وەك چۆن خۆی لە خۆی دەڕوانێت، لە نیگای ئەویتریشدا بەهەمان شێوە دەربکەوێت و لێی بڕوانرێت، چونکە "نیگا پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە دروستبوونی خودێتی مرۆڤەوە و بەرجەستەکەری ئەو خودێتییەیە. نیگا لەهەمان کاتدا کە شتێ دەبینێت، خودێتی، هەستیاریی و ئاگایی مرۆڤیش بەسەر ئەو شتەدا، ئەو کەسانەدا و ئەو جیهانەدا دەپرژێنێ، کە دەیانبینێت و دەبنە بابەتی نیگاکردنەکە."(ڕێبوار سیوەیلی، 2005، ل27)

(حەلیم شێواز) لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا بە قووڵی هەست بەو نیگا قورسەی ئەویتر دەکات و بگرە بە

ڕادەیەکی زۆریش ترسی لێدەنیشێ. کاتێك جەلادەتی کۆتر دەچێت بۆ لای و داوای لێدەکات، وەك گەواهیدەرێك لەو دادگایە ئامادەبێت، کە بۆ دادگاییکردنی (سامیری بابلی) دایمەزراندووە، لە وەڵامی داواکەی جەلادەتدا دەڵێت: "گەر بێدەنگ بیت من شتێکت تێدەگەیەنم، هەرچەندە بە درێژایی ژیانم گومانم هەبووە خەڵکی وەك تۆ گوێیان هەبێت. سبەینێ من دێمە دەرێ و خەڵك بەو چاوە دزێو و بێرەحمانە سەیرم دەکەن. ئەوانەشی کە دەزانن من زوڵم و ناهەقی وای لێکردووم، پاش ماوەیەك بیریان دەچێتەوە و بەس ناشیرینییەکەم دەبینن..."(بەختیار عەلی، 2005، ل425) ئەمە یەك لە سیفەتەکانی نیگاکردنی ئەویترە، تەنێ لە دیوی دەرەوەی بەرانبەر وردەبێتەوە، بێ ئەوەی لە بوون و ماهییەتی کەسەکە، وەك ئەوەی هەیە، ڕابمێنێت .

ڕۆماننووس ئەم بۆچوونەی خۆی لەسەر زاری هەمان کارەکتەر زیاتر ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: "جوانێکی گەمژە هەزارجار لە ناشیرینێکی بلیمەت خۆشبەختتر دەژی..."(بەختیار عەلی، 2005، ل426) بەومانایەی کاتێك دەبێنە ئەویتر بۆ بەرانبەرەکانمان، ئەوا نیگامان لە ئاستی ڕووکەشدا دەبێت، سارتەر دەڵێت: "کەسانی دیکە لە تەماشاکردندا دەردەکەون، دەبێت ئەوە بزانین بوونی خۆمان لە شێوازی خاوەنێتیدا دەکەین بە بوون- بۆ- کەسانی دیکە. ئەوان دەبن بە خاوەنی بوونی من، تەماشاکردنی کەسەکە لەشم بە ڕووتی دەبینێت. ئامادەیی پێدەدات، دەیکات بە پەیکەر و بەوەی کە هەیە، بەو شێوەیە دەیبینێت، کە من هەرگیز ناتوانم بیبینم."(ژان پۆل سارتەر، 2011، ل375) لەلایەکی ترەوە، ڕۆماننووس وێنای ئەویتر لەڕێگەی بۆچوونی جەلادەتی کۆترەوە، بەپێی تێگەیشتنە هایدیگەرییەکە دەخاتەڕوو، کە پێیوایە بوون- لەگەڵ- کەسانیتر پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی مرۆیی، کاتێك لە دیالۆگێکدا جەلادەت بە شاروخی شاروخ دەڵێت: "مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە نازانێت خۆی چییە و بۆ ئەوەی خۆی ببینێت دەبێت سەیری ئەوانیتر بکات."(بەختیار عەلی، 2005، ل595) ئەم سەیرکردنەی مرۆڤ بۆ ئەوانیتر، هەوڵێکە بۆ خۆدۆزینەوە و تێگەیشتن لە مانای بوونی خۆ، کە هەمیشە لە ڕێگەی تێڕوانینمانەوە لە ئەویتر دەمانەوێ پەی بە بوونی خۆمان ببەین، "ئێمە بە هۆی چاومانەوە بەشێکی زۆری شوناسی خۆمان لەسەر دەوروبەر بەدەست دەهێنین. جیهان لەڕێگەی نیگاوە باوەشمان بۆ دەکاتەوە و ئێمەش کاتێ لەناویدا هەست بە ئامادەیی خۆمان دەکەین، کە بوونی خۆمان لە پەیوەندیی لەگەڵ شتەکان و فەزای دەوروبەردا دەبینین."(ڕێبوار سیوەیلی، 2005، ل23-24)

(ئامانج) لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا بەهۆی نیگای ئەویترەوە دەکەوێتە دۆخێکەوە، هەرگیز ناتوانێت بوونی ڕەسەنانەی خۆی بژی، بەتایبەت ئەو کوڕی پیاوێکی ناوداری وەك (مولازم ماجید هەمزە قەڵاتێ)یە، بۆیە لەڕوانگەی ئەم پێگە کۆمەڵایەتییەی باوکییەوە دەبێتە کوڕێك بۆ هەمیشە لەژێر سێبەری ناوی باوکیدا دەمێنێتەوە، لەو کاتانەیدا ڕووبەڕووی مەترسییەك دەبێتەوە و دواتر دەناسرێتەوە، کە ئەوە کێیە، یەکەندوو لێی دەگەڕێن تا بەڕێی خۆیدا بڕوات، بەمەش تووشی بەخۆداشکان و دوورکەوتنەوە لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەبێت، تەنانەت تارادەی قێزلەخۆهاتنەوە دەڕوات: "چ تامێکی هەیە تۆ کچێکت خۆش بوێت و ناودڵیشت پڕی بێت لە ترس...؟! یان لەبەر خۆت نا، بەڵکوو لەبەر خاتری باوکت ڕیسوات نەکەن... ئەمە ڕیسواییەکی گەورەترە..."(کاروان عومەر کاکەسوور، 2012، ل55)

(دکتۆر مستەفا شوکاك) لە (کەشتیی فریشتەکان)دا، پاش ئەوەی (نەغەدە ماردینی) ژنی وازی لێدەهێنێت و لەگەڵ (نزار ئیدریس) دەست تیکەڵ دەکات و بۆ ناوچە شاخاوییەکان هەڵدێن و پەیوەندیی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە دەکەن، ئیدی لەوە بەدوا نیگای ئەویتر دەبێت بەو خێوەی کە بەردەوام دوای هەنگاوەکانی دەکەوێت و لێی دانابڕێت، بەشێوەیەك دەچێتە هەر شوێنێك چاوانی خەڵك بەدوایەوە دەبێت و چرپەچرپ و شێوەی سەیرکردنیان پڕدەبێت لە گومان و بەزەیی و سووکایەتی، دەکەوێتە ناو دۆزەخێکەوە لە ڕوانین و خۆتێهەڵقورتانی دەوروبەر لە ژیان و نهێنییەکانی، بۆیە پاش ئەو ڕووداوەیش لێناگەڕێن و "هەموو وەك پیاوێك سەیری دەکەن، ژنەکەی لە دەستی هەڵهاتووە، کەس وەك ڕۆحێکی بێگوناهی تێکشکاو نایبینێت، بەڵکوو وەك پیاوێکی شەرەفشکاو، وەك مێردێکی هەڵخەڵەتاو، وەك بوودەڵەیەکی

بێسەنگ..."(بەختیار عەلی، 2012، ل554) یان وەك هەمیشە بەو چپە کوشندەیەوە دوایدەکەون و دەڵێن: "ئەوە خۆیەتی، کابرایە، کە ژنەکەی کڵاوی لەسەر ناوە."(بەختیار عەلی، 2013، ل633) لەم ڕوانگەوە بۆ گوزارشتکردن لە دۆخێکی وەها، کە مرۆڤەکان تێیدا دەبنە دۆزەخی یەکترو لە بەخشینەوەی ئازار زیاتر ناتوانن ببنە مایەی دڵنەوایی و سەبووری ئێکدی، ڕۆماننووس دەڵێت: "زۆرجار تەنیا ئەوەی زیندووین، ئەوەی لەسەر ئەم ئەستێرەیە دراوسێی ئەوانیدین، خۆبەخۆ دەبێتە ژانی هاوسێکانمان." (بەختیار عەلی، 2012، ل890)

## ئەنجامی توێژینەوەکە

گرنگترین خاڵە جەوهەرییەکان، کە وەك دەرئەنجامی توێژینەوەکە گەڵاڵە بوون، بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

1. بوون لە ڕوانگەی فەلسەفەی بوونگەراییەوە، چەق هەموو پرس و بابەتێکەو لەو بەستێنەشدا بوونی مرۆیی دەبێت بە جێگەی گرنگی و بایەخی بوونگەراکان.
2. لەڕوانگەی هەریەك لە هایدیگەر و سارتەرەوە، بوونی مرۆیی یەك جۆری دیاریکراوی نییە، بەڵکوو هەریەك لەو فەیلەسووفانە چەند جۆرێکی جیاواز لە بوون دەستنیشان دەکەن، کە بۆ هەریەکێکان دۆخ و ڕەوشی تایبەتی دەرکەوتنیان هەیە.
3. ڕۆماننووسان، لە ڕۆمانی کوردیی ماوەی سنووری توێژینەوەکەدا، بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگیی بە دۆخی ململانێی بوونی مرۆی داوە، بەوپێیەی مرۆڤ وابەستەیە بە خودی خۆی و ئەوانیتریشەوە، ئەمەش بەشیکە لە فاکتۆرییەکانی بوونی هەر کەسێك لە ژیاندا.
4. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە بوونی ڕەسەن نابێت ملکەچی داوا و بڕیارەکانی ئەویتر بێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی کەوتن و لەدەستدانی کەسایەتیی تایبەتی خۆی.
5. ئەویتر وەك کارەکتەر لە ڕۆمانی کوردیی سنووری توێژینەوەکەدا، زیاتر لە وێنەی کارەکتەری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیدا دەردەکەوێت و ئەمەش دەبێتە سەنتەری ململانێی جۆرەکانی بوونی مرۆیی.

## سەرچاوەکان


1. ئەحمەدی مەلا، پەناهەندە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2006.
2. بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2009.
3. بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2005.
4. بەختیار عەلی، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2008.
5. بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2013.
6. بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012.
7. سەڵاح عومەر، وێنەیەك بەسەر ئاوەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2010.
8. عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2007.
9. فەرهاد پیرباڵ، هۆتێل ئەوروپا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010.

10. کاروان عومەر کاکەسوور، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، چاپی دووەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2012.

11. دووەم/ کتێبەکان:

12. ئەلبێر کامۆ، ئەفسانەی سیزیف، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، 2014.

13. ئومێد حەمەعەلی، کێشەی بوونی مرۆڤ، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی، 2015.

14. بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی، 2015.

15. ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵی (2000- 2010)، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2013.

16. ژان پۆل سارتەر، دەرگا داخراوەکان، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2015.

17. ژان پۆل سارتەر، بوون و نەبوون، و: محەمەد کەمال (د)، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2011.

18. کۆمەڵێك نووسەر، ئاشنابوون بە هایدگەر، دەزگای ئایدیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، 2015.

19. محەمەد کەمال (د)، بوون و داهێنان، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2004.

20. محەمەد کەمال (د)، فەلسەفەی سارتەر و خوێندنەوەیەکی نوێ، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2005.

21. محەمەد کەمال (د)، فینۆمینۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ.

22. محەمەد کەمال (د)، فەلسەفەی سارتەر و خوێندنەوەیەکی نوێ، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2005.

23. محەمەد کەمال (د)، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2007.

24. هاشم سەڕاج، کتێب و ئاسۆکانی خوێندنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، هەولێر، 2013.

25. هۆتێل ئەوروپا و عیشق و گەڕیدەیی، هاشم سەڕاج، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (178)، 2012/3/5.

26. الدروس الاولى في الفلسفة، فريدريك لوبيز، ت: علي بو ملحم، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، الامارات- أبوظبي، 2009.

27. سارتر بين الفلسفة والادب، مجاهد عبدالمنعم مجاهد، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، دون سنه الطبع.

28. الغثيان، جان بول سارتر، ت: سهيل إدريس، دار الاداب ، الطبعة الرابعة، بيروت، 2004.

29. الغير في فلسفة سارتر، فؤاد كامل، دار المعارف، مطبعة دار المعارف، مصر-القاهرة، دون سنة الطبع.

30. الفلسفة المعاصرة في أوروبا، ا.م. بوشنسكي، ترجمة: عزت قرني (د)، سلسله عالم المعرفة، الطبعة الاولى، كويت، 1992.

31. المذاهب الوجودية من كيركجورد الى جان بول سارتر، ريجيس جوليفية، ت: فؤاد كامل، الطبعة الاولى، دار الاداب، بيروت، 1988.

32. سارتر (قدم أول)، فيليب تادى، ترجمه: روزبه معادى، چاپ دوم، چاپ و صحافى فاروس، تهران، 1379.